# یەکگرتوو بەشداریی لە حکومەتی هەرێمدا ناکات

پەیامنێری هاوڵاتی. هەولێر:

دوای ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی وەزارەتێکی لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە بۆ دیارییکرا، یەکگرتوو ناڕازییەو داوای سێ وەزارەت دەکات.

سەرچاوەیەکی باڵا لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە کە نەیویست ناوەکەی بنوسرێت بە هاوڵاتی وت " ئەگەر هاتوو بەر لە سوێندخواردنی یاسایی سەرۆکی حکومەت، دوو وەزارەت و وەزارەتێکی هەرێم بۆ یەکگرتوو دانەنرێت، ئەوا ئێمە بەشداریی لە پێکهێنانی حکومەتدا ناکەین.

هەمان سەرچاوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان بەپێی مافی خۆیان داوای ئەو سێ وەزارەتە دەکەن، هەروەك سەرچاوەکە لە بارەی یەکێتی و پارتییەوە دەڵێت " ئەوان گەر یەك ئەندام پەرلەمانت هەبێت و نۆ ئەندام پەرلەمانت هەبێت، وەك یەك مامەڵەت لەگەڵدا دەکەن، ئەمەش ناعەدالەتییەکی گەورەیەو چیتر بە بەڵێن مامەڵە لەگەڵ هیچکام لەو لایەنانەدا ناکەین، چونکە لە ڕابردوودا سەرجەم ئەو بەڵێنانەمان تاقیکردۆتەوە لەگەڵیان "

هاوڵاتی " ژمارە 259